# وەقایعی کوردستان


**ڕۆژنامەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد هەفتانە دەری دەکات**

**ژمارە (١١٤) چاپی یەکەم سالی دەیەم ٢/ئاب/٢٠١٠ زاینیی ٢١/خەرمانان/٢٧١٠ کوردی ٢١/شعبان/١٤٣١ کۆچی**


**114**

**لەم ژمارەیەدا :**


* یاسای ژمارە (٢)ی سالی ٢٠١٠ — لا ١-٤
  یاسای دەستەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە سالی ٢٠١٠
* یاسای ژمارە (٣)ی سالی ٢٠١٠ — لا ٥-٩
  یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان – عێراق سالی ٢٠١٠
* یاسای ژمارە (٤)ی سالی ٢٠١٠ — لا ١٠-١٥
  یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان – عێراق سالی ٢٠١٠
* بڕیاری ژمارە (١)ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق سالی ٢٠١٠ — لا ١٦
* بڕیاری ژمارە (٢)ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق سالی ٢٠١٠ — لا ١٧
* بڕیاری ژمارە (٣)ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق سالی ٢٠١٠ — لا ١٨
* بڕیاری ژمارە (٤)ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق سالی ٢٠١٠ — لا ١٩
* پێشنیارەکانی لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمانی کوردستان لەسەر ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی حساباتی کۆتایی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سالی ٢٠٠٩ — لا ٢٠-٢١



ناونیشان: هەولێر-چوار ڕیانی عەنکاوە بالەخانەی وەزارەتی داد. .
☎ ( ٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ -٠٧٥٠٤٧٢١٨٤٢- ٢٢٤٥٥٠٨)


نرخی ٧٥٠ دینارە


http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region Government (KRG), Publishing by Ministry of Justice.

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لحكومة إقليم كوردستان- تصدر اسبوعياً من قبل وزارة العدل

العدد (١١٤)  الطبعة الاول  السنة العاشرة  ٢/أب/٢٠١٠ ميلادي  ٢١/خەرمانان/٢٧١٠ كوردي  ٢١/شعبان/١٤٣١ هجري

## في هذا العدد:

**114**


- قانون رقم (٢) لسنة ٢٠١٠ — ص ٢٢-٢٥
  قانون الهيئة العامة في إقليم كوردستان للمناطق المتنازع عليها لسنة ٢٠١٠
- قانون رقم (٣) لسنة ٢٠١٠ — ص ٢٦-٢٩
  قانون الهيئة حماية و تحسين البيئة في إقليم كوردستان – العراق لسنة ٢٠١٠
- قانون رقم (٤) لسنة ٢٠١٠ — ص ٣٠-٣٤
  قانون الهيئة المستقلة لحقوق الانسان في إقليم كوردستان – العراق لسنة ٢٠١٠
- قرار رقم (١) الصادرة من برلمان كوردستان – العراق لسنة ٢٠١٠ — ص ٣٥
- قرار رقم (٢) الصادرة من برلمان كوردستان – العراق لسنة ٢٠١٠ — ص ٣٦
- قرار رقم (٣) الصادرة من برلمان كوردستان – العراق لسنة ٢٠١٠ — ص ٣٧
- قرار رقم (٤) الصادرة من برلمان كوردستان – العراق لسنة ٢٠١٠ — ص ٣٨
- مقترحات لجنة شؤون المالية و الاقتصادية في برلمان كوردستان حول مضمون تقرير الحسابات النهائية لحكومة اقليم كوردستان لسنة ٢٠٠٩ — ص ٣٩-٤٠


**No.:114  Date: August, 2, 2010  Vol.: 10**

العنوان : اربيل- تقاطع عينكاوه- بناية وزارة العدل.
☎ ( ٢٢٤٥٥٠١٤ - ٠٧٥٠٤٧٣١٨٤٢ - ٢٢٤٥٥٠٠٧ - ٢٢٤٥٥٠٠٨ )

http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

السعر ٧٥٠ دينار

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**
**بڕیار**
**ژمارە ( ٢ ) ساڵی ٢٠١٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لەبڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوە و ، بەپاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٦) لە ٢٠١٠/٤/٢٦ بڕیارماندا بە دەرکردنی :

**یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٠**
**یاسای دەستەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە**

**ماددەی یەکەم :**

مەبەست لەم زاراوە و دەربڕینانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە :

**یەکەم** : هەرێم : هەرێمی کوردستان – عێراق .

**دووەم** : دەستە : دەستەی گشتی لەهەرێم بۆ ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان .

**سێیەم** : ئەنجومەن : ئەنجومەنی دەستە .

**چوارەم** : سەرۆك : سەرۆکی دەستە .

**پێنچەم** : ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان : ئەو ناوچانەن کە لە کوردستان – عێراق بەپێچەوانەی واقعی مێژوویی و جوگرافی دابڕێنراون و ڕێکارەکانی بەعەرەب کردن و گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەیانگرێتەوە .

**ماددەی دووەم :**

**یەکەم** :بەپێی ئەم یاسایە دەستەیەك پێکدێ بەناوی (**دەستەی گشتی لەهەرێمی کوردستان بۆ ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان**) و کەسایەتیەکی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێری هەیە و لەباری کارگێرییەوە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەبەسترێت .

**دووەم** : بارەگای دەستە لە پارێزگای هەولێری پایتەختی هەرێم دەبێ و ، دەکرێ نووسینگەی لە پارێزگاکانی هەرێم و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بکاتەوە .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkudistan.com

**ماددەی سێیەم :**

دەستە ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت :

**یەکەم :** بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی ئەو مادده دەستووریانەی پەیوەندییان بە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانەوە هەیە بەهاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقی فیدراڵ و لایەنە پەیوەندیدارەکان .

**دووەم :** هەماهەنگی و هاریکاریی کردن ، لە رێگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ، لەگەڵ دەسەڵاتەکانی فیدراڵی لە هەموو کارێکدا کە پەیوەندی هەیە بەدابین کردنی مافەکانی گەلی کوردستان لەپێناو دووبارە نەخشەکێش کردنی سنووری ئیداری هەرێم و قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتووان و لابردنی ئاسەوارەکانی سیاسەتی پاکتاوکردنی رەگەزیی و بەعەرەب کردن و کۆچ پێ کردنی بەزۆر .

**سێیەم :** هاریکاری و هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدانی ناوچە دابڕاوەکان لە کوردستان – عێراق و بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی پرۆژەکان تیایدا .

**چوارەم :** رێکخستن و بەدواداچوونی کاروباری کۆچ پێکراوان و دەرکراوان لەو ناوچانەی ناکۆکییان لە سەرە .

**پێنچەم :** کۆکردنەوەی و بەدیکۆمێنت کردنی بەڵگە و رووداوی مێژووی پەیوەندیدار بەناوچە ناکۆکی لەسەرەکان .

**ماددەی چوارەم :**

دەستە سەرۆکێکی دەبێ بەپلەی وەزیر دادەمەزرێ و ، خۆی سەرۆکی باڵایەتی و بەرپرسە لەکارەکانی و ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی و سەرپەرشتی کردن و چاودێری کردنی و لەوەوە و بەسەرپەرشتی ئەو هەموو بڕیار و فەرمان و رێنماییەك دەردەچن و جێبەجێ دەکرێن ، لە هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە ئەرکی دەستە و دەسەڵاتەکانی و هەموو کاروبارە هونەری و دارایی و کارگێرییەکانیەوە هەیە ، ئەمەش بەپێی حوکمەکانی یاسا و ، بەرپرسیشە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران .

**ماددەی پێنچەم :**

**یەکەم :** ئەوەی بەسەرۆکی دەستە دادەمەزرێ پێویستە ئەم مەرجانەی تێدا هەبێ :

١–دەبێ لە دانیشتوانی کوردستان – عێراق بێت و لەهەرێم نیشتەجێ بێت .

٢– دەبێ بەلانی کەم بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و لێهاتوویی و شارەزا بێت لەبواری پسپۆرییەکەی خۆی .

٣– خوو و رەوشتی باش بێت و بەتاوانێکی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێ .

٤–بەشداریی لەو تاوانانە نەکردبێ کە رژێمی بەعس نەخشەی بۆ کێشا بێت یان کردبێتی لە عێراقدا .

**دووەم :** سەرۆك بەفەرمانی هەرێمی و لەسەر پاڵاوتنی ئەنجومەنی وەزیران دادمەزرێ .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkudistan.com

**ماددەی شەشەم :**

**یەکەم :** دەستە لەم فەرمانگانەی خوارەوە پێکدێ و هەر یەکێکیانیش لەلایەن فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوە دەچێت خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ لە بواری پسپۆڕیی فەرمانگەکەی و شارەزایی لە کارەکەیدا هەبێ بۆ ماوەیەك لە دەساڵ کەمتر نەبێ و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن :

١– فەرمانگەی کارگێریی و دارایی .

٢– فەرمانگەی یاسایی و لێکۆڵینەوەکان و دیکۆمێنت کردن .

٣– فەرمانگەی پەیوەندیەکان و ڕاگەیاندن .

٤– فەرمانگەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان .

**دووەم :** دەستەی ڕاوێژکاری دەبێ و ژمارەیان لە دووان کەمتر نەبێ .

**سێیەم :** ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە هەر فەرمانگەیەك لەناو پێکهاتەی دەستە بەپێی پێویستی کارەکەی لە نوێ دابمەزرێنی یان لێکیان بدات یاخود هەڵیان وەشێنیتەوە .

**ماددەی حەوتەم :**

**یەکەم :** دەستە ئەنجومەنێکی دەبێ لە سەرۆك و بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی دەستە لەگەڵ دوو ئەندامی ڕاوێژکار پێکدێ و ، سەرۆك بۆی هەیە داوای نوێنەری لایەنە پەیوەندیدارەکان لە وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی هەرێم بکات بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بەسیفەتی چاودێر و ، مافی وتووێژیان دەبێ بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێ .

**دووەم :** ئەنجومەن مانگانە کۆدەبێتەوە و سەرۆك بۆی هەیە لەکاتی پێویستدا داوای کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بکات و ڕاسپاردەکان بەزۆرینەی دەنگی ئامادەبووان وەردەگیرێن و لەکاتی یەکسان بوونی دەنگەکان ئەو لایەنە پەسند دەکرێ کە سەرۆك دەنگی لەگەڵدا دەدات.

**سێیەم :** پێویستە لەسەر سەرۆکی دەستە هەر چوار مانگ جارێك ڕاپۆرتی دەوری لەسەر ئەرك و کارەکانی دەستە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان بکات لە ڕێگای ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

**ماددەی هەشتەم :**

ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە ئەرك و دەسەڵاتەکانی دەستە بە پێڕەوێك دەستنیشان بکات .

**ماددەی نۆیەم :**

سەرۆکی دەستە بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ .

**ماددەی دەیەم :**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkudistan.com

**ماددەی یازدەم :**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .

**ماددەی دوازدەم :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ .

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان _ عێراق**

**هەولێر**

**٨/ تەمموزی /٢٠١٠ی زایینی**

**١٧/ پوشپەڕ / ٢٧١٠ی کوردی**

**٢٦/ رجب / ١٤٣١ی کۆچی**

**(( هۆیە پێویستیەکانی دەرچوواندنی ))**

لەبەر ئەوەی دەستووری عێراقی فیدرال ، بەرپرسیاریەتی گرتنەبەری هەنگاونانی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی پێویستیەکانی جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقی خستۆتە ئەستۆی حکومەتی فیدراڵی بۆ نەهێشتنی ئاسەوارەکانی تواندنەوەی نەتەوەیی و سیاسەتی بەعەرەب کردن و بەزۆر کۆچ پێکردن و گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی و ، بەو هۆیەوە گەلێك ناوچە لە کوردستان دابڕینران و بوونەتە ناوچەی ناکۆکی لەسەر و بۆ مەبەستی بەدواداچوون و جێبەجێ کردنی ماددە دەستوورییەکەی سەرەوە ، ئەم یاسایە دەرچووێنرا .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkudistan.com

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بەناوی گەلەوە

## بڕیار

**ژمارە ( ٣ ) ساڵی ٢٠١٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لەبڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوە و ، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٨) لە ٢٠١٠/٥/١١ بڕیارماندا بەدەرکردنی :

## یاسای ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠١٠

## یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان - عێراق

**ماددەی یەکەم :**

مەبەست لەم زاراوە و گوزارشتانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە :

**یەکەم :** هەرێم : هەرێمی کوردستان – عێراق .

**دووەم :** دەستە : دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمدا .

**سێیەم :** ئەنجومەن : ئەنجومەنی دەستە .

**چوارەم :** سەرۆك : سەرۆکی دەستە .

**ماددەی دووەم :**

بەپێی ئەم یاسایە دەستەیەك دادەمەزرێ بەناوی (**دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان - عێراق**) کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێریی خۆی هەیە و لە ڕووی کارگێرییەوە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەبەسترێتەوە .

**ماددەی سێیەم :**

ئامانجی دەستە ئەمانەی خوارەوەن :

**یەکەم :** پاراستن و چاککردنی ژینگە و پەرەپێدانی بۆ ڕێگەگرتن لە پیس بوونی و پارێزگاری کردن لە پاك و خاوێنی و جوانیەتی هەرێم .

**دووەم :** پاراستنی ژینگە و تەندروستی گشتی لە مەترسییەکانی چالاکی و کاری زیانبەخش بەژینگە و مرۆڤ .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkudistan.com

**سێیەم :** نەهێشتن و چارەسەرکردنی ئاسەوارەکانی چەکی کیمیایی و تەقیوەکان بەهاریکاریکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ پاککردنەوەی کێڵگەکانی مین و پاشماوەکانی چەك و تەقەمەنی کە دەبنە مایەی پیسبوونی ژینگە .

**چوارەم :** بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی ژینگەیی و پتەوکردنی هەستی بەرپرسیاریەتی تاك و کۆمەڵ بۆ پاراستنی ژینگە و باشکردن و کاراکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هاندانی ئەرکی خۆبەخشین لەو بوارەدا .

**ماددەی چوارەم :**

دەستە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم ئەرکانە لەئەستۆ دەگرێت :

**یەکەم :** پێشنیاز کردنی سیاسەتی گشتی پاراستنی ژینگە لە پیس بوون و کارکردن لە پێناو چاککردنی جۆرەکەی و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەسەند کردنی .

**دووەم :** دانانی پلانی ساڵانە و مامناوەندی و درێژخایەن بۆ پاراستنی ژینگە و چاککردنی .

**سێیەم :** دەرچواندنی ڕێنمایی تایبەت بەسنوردار کردن و مەرجەکان و زانیاریی ژینگەیی پێویست و چاودێری کردنی سەلامەتی ژینگە بۆ پرۆژەکان و سەلامەتی و دروستی جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییانە لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەڵێن و پەیمانە نێودەلەتیەکان بۆ پاراستنی ژینگە و یاسا کار پێکراوەکان .

**چوارەم :** ئەنجامدانی ڕوپێو و پشکنینەکانی پەیوەست بە پیسبوونی ژینگە و ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەر سەلامەتی ژینگە و ئامادەکردنی نەخشە ژینگەیەکان هەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکاندا .

**ماددەی پێنچەم :**

**یەکەم :** دەستە سەرۆکێکی دەبێ بەپلەی تایبەت و خۆی سەرۆکی باڵایەتی و بەرپرسە لەکارەکانی و ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی و سەرپەرشتی و چاودێری کردنی و هەموو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەکانی پەیوەندییان هەبێ بە ئەرکەکانی دەستە و دەسەڵاتەکانی و هەموو کاروبارێکی هونەریی و دارایی و کارگێریی بەپێی حوکمەکانی یاسا لەوەوە دەردەچن و بەسەرپەرشتی ئەو جێبەجێ دەکرێن و خۆی بەرپرسە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا .

**دووەم :** ئەوەی بەسەرۆکی دەستە دادەمەزرێ دەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا هەبێ :

١- دەبێ لە هاووڵاتیانی هەرێم بێت و دانیشتووی بێت .

٢- دەبێ بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەلانی کەم هەبێ و لەبواری پسپۆڕییەکەی خۆی لێهاتوویی و شارەزایی هەبێت .

٣- خوو و ڕەوشتی باش بێ و بەتاوانی جینایەت یان کەتنی لەکەدار بەشەرەف حوکم نەدرابێ .

٤- بەشداری لەو تاوانانە نەکردبێ کە دەستەڵاتی داپلۆسێنەر ئەنجامی دابن .

**سێیەم :** سەرۆك بەفەرمانی هەرێمی ولەسەر پاڵاوتنی ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێ .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkudistan.com

**ماددەی شەشەم :**

**یەکەم :** دەستە لەم فەرمانگانەی خوارەوە پێکدێ و هەر فەرمانگەیەکیش لەوانە لەلایەن فەرمانبەرێکەوە بەڕێوە دەچێت کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی لە بواری پسپۆڕیی فەرمانگەکەدا هەبێ و ژمارەیەك فەرمانبەر یاریدەی دەدەن :

١- فەرمانگەی کارگێری و دارایی و یاسایی .

٢- فەرمانگەی هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی و ڕاگەیاندن .

٣- فەرمانگەی کاروباری هونەری .

٤- فەرمانگەکانی ژینگە لە پارێزگاکانی هەرێمدا .

**دووەم :** ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە بەهەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی دەستە هەر فەرمانگەیەك لە نوێ دابمەزرێنێت یان لێکیان بدات یان هەڵیان بوەشێنێتەوە ئەمەش لە چوارچێوەی پێکهاتەکانی دەستە و بەپێی پێویستی کارەکانی .

**ماددەی حەوتەم :**

**یەکەم :** دەستە ئەنجومەنێکی دەبێ بەسەرۆکایەتی سەرۆکی دەستە و لەمانەی خوارەوە پێکدێ :

١- نوێنەری ئەم وەزارەتانەی خوارەوە کە لەپلەی بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ :

أ- وەزارەتی ناوخۆ .

ب- وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار .

ج- وەزارەتی خوێندی باڵاو توێژینەوەی زانستی .

د- وەزارەتی پلاندانان .

هـ- وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان .

و- وەزارەتی تەندروستی .

ز- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی .

ح- وەزارەتی سامانە سروشتیەکان .

ط- وەزارەتی کارەبا .

ی- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkudistan.com

ك – وەزارەتی پەروەردە .

ل– وەزارەتی پێشمەرگە .

م – وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان .

ن – وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئاینی .

٢– أ– دوو ئەندام لە شارەزا و پسپۆرانی بواری پاراستنی ژینگە بە بریاری سەرۆكی دەستە .

ب– نوێنەرێك لە لیژنەی پاراستن وچاككردنی ژینگە لە پارێزگاكانی هەرێم .

**دووەم :** سەرۆكی دەستە بۆی هەیە لەكاتی پێویستدا نوێنەری وەزارەتەكانی دیكە و ئەو لایەنانەش بانگ بكات كە بەوەزارەتەوە نەلكاون تا بەشداری لە كۆبوونەوەكانی ئەنجومەندا بكەن بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێ .

**سێیەم :** ئەنجومەن مانگانە كۆدەبێتەوە و سەرۆك بۆی هەیە لەكاتی پێویست بانگێشت بۆ كۆبوونەوەی نائاسایی بكات و بریارەكان بەزۆرینەی ژمارەی ئامادەبووان دەردەچن و لەباریكدا گەر دەنگەكان یەكسان بوون ئەو لایەنە پەسند دەكرێ كە سەرۆك دەنگی بۆ داوە ، لەسەر ئەنجومەنیشە راپۆرتی سالانە لەسەر بارودۆخی ژینگە بۆسەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەرزكاتەوە .

**ماددەی هەشتەم :**

**یەكەم :** لەهەر پارێزگایەك لیژنەیەك بەسەرۆكایەتی پارێزگار یا ئەوەی جێی دەگرێتەوە و ئەندامیەتی نوێنەری ئەو وەزارەتانەی كە لەبرگەی یەكەمی ماددەی حەوتەمدا دەست نیشان كراون لەگەڵ بەڕێوەبەری فەرمانگەی ژینگە لە پارێزگا پێك دەهێنرێ و پێی دەگوترێ (( لیژنەی پاراستن و چاككردنی ژینگە لە پارێزگا )).

**دووەم:** ئەو حوكمانەی لە ماددەی حەوتەمی ئەم یاسایەدا هاتوون سەبارەت بە كۆبوونەوەكانی ئەنجومەنی دەستە لەسەر كۆبوونەوەكانی لیژنەی پارێزگاش پیادە دەكرێت .

**ماددەی نۆیەم :**

ئەرك و دەسەلأتەكانی پێكهاتەی دەستە بەپێرەو دەسنیشان دەكرێن .

**ماددەی دەیەم:**

سەرۆكی دەستە بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانكاریی جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ .

**ماددەی یازدەم:**

**یەكەم :** حوكمەكانی یاسای پاراستن و چاككردنی ژینگە لەهەرێمی كوردستان ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ وەك خۆی جێبەجێ دەكرێ ئەگەر لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك نەبن و گوزارشتی ((سەرۆكی دەستە))ش جێگای (( وەزیر)) و گوزارشتی ((دەستە)) جێگای ((وەزارەت)) دەگرنەوە لە هەر شوێنێكی یاسای ناوبراودا هاتبن .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkudistan.com

**دووەم :** كار بەهیچ دەقێكی یاسایی یا بڕیارێك ناكرێ گەر لەگەلّ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێ .

**ماددەی دوانزدەم :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن .

**ماددەی سیانزدەهەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاّوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی كوردستان) جێبەجێ دەكرێ

**مسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان - عێراق**

**هەولێر**
**٨/ تەمموزی /٢٠١٠ی زایینی**
**١٧/ پوشپەڕ / ٢٧١٠ی كوردی**
**٢٦/ رجب / ١٤٣١ی كۆچی**

**(( هۆیە پێویستەكانی دەرچوواندنی ))**

بەمەبەستی پاراستنی ژینگە و پارێزگاری كردن لە تەندروستی گشتی و سەرچاوە سروشتیەكان و هەمە جۆری زیندەوەریی و بەدوا داچوونی ئەو هۆكارانەی كار دەكەنە سەر سەلامەتی گشتی و لابردن و چارەسەركردنی ئاسەوارەكانی چەكی كیمیایی و ئەو ماددانەی كە دەبنە هۆی پیسبوونی ژینگە و بلاّوبوونەوەی هۆشیاری ژینگەیی و رۆشنبیری ژینگەیی لە هەرێمی كوردستان پێویستی كرد دەستەیەك دابمەزرێ تاكو ئەو ئەركە بگرێتە ئەستۆ بۆیە ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkudistan.com

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ٤ ) ساڵی ٢٠١٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لەبڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوە و ، بەپاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٣) لە ٢٤/٥/٢٠١٠ بڕیارماندا بەدەرکردنی :

**یاسای ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ٢٠١٠**

**یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی یەکەم :**

ئەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەبەخشن بۆ مەبەستی ئەم یاسایە :

**یەکەم :** هەرێم : هەرێمی کوردستان – عێراق .

**دووەم :**پەرلەمان : پەرلەمانی هەرێم .

**سێیەم :** دەستە : دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمدا .

**چوارەم :** ئەنجومەن : ئەنجومەنی دەستە .

**پێنجەم :** سەرۆك : سەرۆکی دەستە .

**ماددەی دووەم :**

**یەکەم :** دەستەیەك دادەمەزرێ بەناوی ( **دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان - عێراق** ) دا ، کەسایەتیەکی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و ئیداری دەبێت لە چوارچێوەی بودجەی گشتی لەهەرێمدا ، بودجەیەکی تایبەتی دەبێت و بە پەرلەمانەوە پەیوەست دەبێت و لەبەردەمیدا بەرپرس دەبێت .

**دووەم :** بارەگای دەستە لە پارێزگای هەولێر پایتەختی هەرێمدا دەبێ و ، نووسینگەی لە ناو پارێزگاکانی دیکەدا دەکاتەوە و بۆیشی هەیە نووسینگە لە قەزاو ناحیەکانیشدا بکاتەوە .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkudistan.com

**ماددەی سێیەم :**

ئامانجی دەستە پارێزگاری کردنە لە مافەکانی مرۆڤ و پتەو کردنی و داکۆکی کردن لێی لە هەموو لایەنەکانەوە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان ، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری مافەکانی مرۆڤ .

**ماددەی چوارەم :**

دەستە ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ :

**یەکەم :** راو راوێژی خۆی سەبارەت بە مەسەلەکانی پەیوەست بە مافی مرۆڤ پێشکەش دەکات و راسپاردە بۆ وەزارەتەکان و دەزگا پەیوەندیدارەکان لەهەرێم بەرز دەکاتەوە .

**دووەم :** لە رێگای چەسپاندنی بەهای لێبوردەیی و ماناکانی هاوکاریی کۆمەڵایەتییەوە ، رۆشنبیری مافی مرۆڤ و مەسەلەکانی ژنان و منداڵان بڵاو دەکاتەوە .

**سێیەم :** چاودێری گونجانی یاساکاری هەرێم ، لەگەڵ پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ و ئازادییە سەرەکییەکان و پێشکەش کردنی پێشنیاز لە بارەیەوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات .

**چوارەم :** هەڵسەنگاندنی پلەی پابەند بوونی دەسەڵاتەکان لەهەرێمدا ، بەحوکمەکانی بەڵگەنامەو بەندە تایبەتەکانی مافی مرۆڤ و هەردوو پەیمانە نێودەوڵەتییە تایبەتمەندەکان بە مافەکانی مەدەنی و سیاسی و مافە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانەوە ، لەگەڵ دەرخستنی ئەو پێشێلکارییانەی کە دوور نییە بەهۆی مومارەسەی دەسەڵاتەکانی هەرێمەوە پەیدا ببن .

**پێنجەم :** ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی خولا وخول و دەرچوواندنی بڵاوکراوە و چاپەمەنی دەربارەی رێگاکانی باشتر کردنی مافی مرۆڤ لە هەرێمدا لەگەڵ بەستنی کۆر و کۆبوونەوەی تایبەت لە بارەی مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ .

**شەشەم :** سەردان و چاودێری کردنی بەندیخانەکان و بنکەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی و دەستبەسەر و بنکەکانی لێپێچینەوە و ئامادەکردنی راپۆرتی خولا و خول دەربارەی بەندییەکان و سپێردراوان بە چاکسازی کۆمەڵایەتی و دەست بەسەران .

**حەوتەم :** وەرگرتنی سکاڵا لە خەڵك و لە کۆمەڵە و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە بارەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و دڵنیابوون لە راستییان و ئاگاداری داواکاری گشتی بۆ گرتنەبەری رێکاری یاسایی و بەدواداچوون بۆ ئەنجامەکانی دەکات .

**هەشتەم :** هاوکاری لەگەڵ رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و رێکخراوەکانی دیکەی کۆمەڵگای مەدەنی دەکات لە هەرێم و دەرەوەی هەرێمیش ، هەروەها لەگەڵ کۆمەڵە هزری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیشدا و ، ئەڵقەی لێتوێژینەوەش لەگەڵ هاووڵاتیان لەهەرێمدا بەجۆرێك رێك دەخات ، کە رۆشنبیری پابەندبوون بەبەندە یاساییەکان و رێکەوتنە نێودەوڵەتیەکانی مەسەلەکانی مافی مرۆڤەوە زامن بکات ، لە پێناوی سەروەریی یاسا و رێزگرتنی مافی مرۆڤدا .

**نۆیەم :** لەگەڵ رێکخراوە تایبەتمەندەکانی مەسەلەی مافی مرۆڤ و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەدا هاوکاری و هاودەنگی دەکات بەئامانجی نوێنەرایەتی کردنی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوە و کۆنگرەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkudistan.com

**دەیەم :**

أ- ڕاپۆرتی ساڵانە ئامادە دەکات بۆ دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی واقیعی مافی مرۆڤ لە هەرێمدا و بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری و لایەنە پەیوەندیدارەکانی بەرز دەکاتەوە ، لەگەڵ پیشاندانی ڕاسپاردەی بەکردار بۆ پاراستن و بەهێز کردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان .

ب- ڕاپۆرتی خولا وخول لەبارەی بارودۆخی مافی مرۆڤ بە پەرلەمانی کوردستان دەدات و لە دەزگاکان ڕاگەیاندندا بلاوی دەکاتەوە .

**ماددەی پێنچەم :**

**یەکەم:** سەرۆکی دەستە خۆی سەرۆکی کارگێری دەستەکەیە و بەرپرسی ڕاستەوخۆیە لە جێبەجێ کردنی سیاسەتەکانی و بەپێی یاساش لەوەوە ئەو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییانە دەردەچن کە پەیوەندییان بە کاروبارە هونەری و دارایی و کارگێرییەکانەوە هەیە و ، نوێنەرایەتی دەستەش لەلایەنە حکومی و دام ودەزگا و دەستەکانی دیکەی پەیوەندیدار لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمدا دەکات .

**دووەم :** سەرۆکی دەستە لەسەر پاڵاوتنی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە پلەی تایبەت دادەمەزرێ و فەرمانی هەرێمی بەدامەزراندنەکەی دەردەچێ پاش پەسند کردنی پەرلەمان لەسەر پالێوراوەکە بە زۆرینەی ژمارەی ئامادەبووان و ، ماوەی سەرۆکایەتییەکەشی چوار ساڵە و دەکرێ یەك جار تازە بکرێتەوە .

**سێیەم :** مەرجە ئەوەی بەسەرۆکی دەستە دادەمەزرێ :

١- هاوولاتی هەرێم بێت و لێی نیشتەجێ بێت .

٢- بەلایەنی کەم بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆی هەبێ و لەبواری مافەکانی مرۆڤ لێهاتوو و شارەزا بێ .

٣- خوو و ڕەوشتی باش بێ و بەتاوانێك یا کەتنێکی ئابڕووبەر حوکم نەدرا بێ .

٤- بەلێننامەیەکی دەست نووس پێشکەش بکات کە لەماوەی فەرمانبەرایەتییەکەیدا حزبایەتی نەکات

٥- بەشداری لەو تاوانەدا نەکردبێ کە دەسەڵاتە داپلۆسێنەرەکان ئەنجامیان دابێ .

**ماددەی شەشەم :**

سەرۆك و ئەندامانی دەستە ئەم سوێندە یاساییە لەبەردەم سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریدا دەخۆن :

**((سوێند بەخودای مەزن دەخۆم کە ئەرکە یاسایی و پیشەییەکانم بەراستگۆیی و ئەمانەت و دڵسۆزییەوە ئەنجام بدەم و بەسەربەخۆیی و بێ لایەنییەوە ئەو ئەرکانە ئەنجام بدەم کە لەبواری مافەکانی مرۆڤ پێم دەسپێردرێ))**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkudistan.com

**ماددەی حەوتەم :**

**یەکەم :** دەستە لەم فەرمانگانەی خوارەوە پێك دێت و هەر فەرمانگەیەکیش فەرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی زانکۆیی هەبێت لە بواری پسپۆڕیی فەرمانگەکەدا وچەند فەرمانبەرێکیش یاریدەی دەدەن :

١- فەرمانگەی کارگێری و دارایی : بەدواداچوونی کاروباری فەرمانبەرانی دەستەکە و ئەوەی پەیوەندی بە بودجەی موڵك و سامانی دەستەکەوە هەیە دەکات ، هەروەها بەدواداچوونی رەخساندنی کارەکانی دەکات .

٢- فەرمانگەی یاسایی و پاراستنی مافی مرۆڤ :وەرگرتن و بەدواداچوونی ئەو سکالآیانە دەکات کە لەلایەن خەڵك و دام و دەزگا و رێکخراوەکان و لایەنەکانی ترەوە لەسەر مافەکانی مرۆڤ پێشکەش دەکرێت و ، سەردانی گرتووخانە و بنکەکانی دەستبەسەر داگرتن دەکات و لە ڕاستی پێشلکارییەکانی بابەتی مافی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە و ئەنجامەکەی بۆ ئەنجومەنی دەستە بەرز دەکاتەوە ، هەروەها لەو یاساکاریانەش دەکۆڵێتەوە کە پەیوەندییان بە مافی مرۆڤەوە هەیە و ، لەبەر رۆشنایی پەیمانە نێودەولەتیەکانی مافی مرۆڤ لێی دەکۆڵێتەوە و لەبارەیەوە پێشنیاز بە ئەنجومەنی دەستە دەدات .

٣- فەرمانگەی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن : لەگەڵ فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی ناو دەستەکە و ئەو داواکاریانەش کە لە ئەنجومەنی دەستە یان سەرۆکی دەستەکەوە لەم بارەیەوە پێ دەگات ، هەماهەنگی دەکات و بەدوای ئەو شتانەدا دەچێت کە لە سەرچاوەکانی ڕاگەیاندن لەبارەی مافەکانی مرۆڤەوە بڵاودەکرێنەوە ، لە بلاوکردنەوەی رۆشنبیری و مافەکانی مرۆڤ و ، رێکخستنی کۆنگرە و نەدوەکانی پەیوەندیداریش دا بەشدار دەبێت .

٤- ڕاوێژکاران ژمارەیان لە دوو زیاتر نابێ و دەبێ شارەزا و پسپۆڕ بن لە بواری مافی مرۆڤدا .

٥- دەستە ئەنجومەنێکی کارگێری دەبێ کە لەسەرۆك و بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی دەستە و ڕاوێژکاران پێك دێ .

**دووەم :** سەرۆکی دەستە بۆی هەیە بەپێی پێویستەکانی کار و پاش ڕەزامەندی ئەنجومەنی دەستە بەشەکانی دەستە لە نوێ دابمەزرێنی یا لێکیان بدات یان هەڵیان بوەشێنیتەوە .

**سێیەم :** ئەنجومەنی دەستە لەمانە پێك دێ :

١- سەرۆکی دەستە / سەرۆك .

٢- بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی یاسایی و پاراستنی مافی مرۆڤ / بڕیاردەر .

٣- نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران پلەکەی لەپلەی تایبەت کەمتر نەبێ / ئەندام .

٤- نوێنەری ئەنجومەنی دادوەری / ئەندام .

٥- نوێنەری داواکاری گشتی / ئەندام .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkudistan.com

٦- دوو ئەندام لەوانەی کە کاری دادوەری یا یاسادانان یا یاساییان بۆ ماوەیەك کردبێ کە لە دە ساڵ کەمتر نەبێ .

**چوارەم :** مسۆگەر کردنی بەشداری کردنی ئافرەت لە ئەنجومەنەکەدا .

**پێنچەم :** ئەنجومەن مانگانە کۆدەبێتەوە و سەرۆکیش لەکاتی پێویستدا بۆی هەیە بانگهێشتی کۆبوونەوەی لەناکاو بکات و بریارەکانیشی بەزۆرینەی ژمارەی ئامادەبووان وەردەگیرێ و لەکاتی یەکسان بوونی دەنگەکاندا ئەو لایەنە سەردەکەوێ کە سەرۆك دەنگی لەگەڵدا داوە .

**شەشەم :** سەرۆك بۆی هەیە نوێنەری لایەنە پەیوەندیدارەکان لە وەزارەت و فەرمانگەکانی هەرێم و کەرتی تایبەتی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ ئامادەبوونی کۆبوونەوەکان بانگ بکات بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێ .

**ماددەی هەشتەم :**

**یەکەم:** پەرلەمان چاودێری و بەدواداچوونی کارەکانی دەستە دەکات بە پشت بەستن بە حوکمەکانی یاسا و پەیرەوی ناوخۆ .

**دووەم :** سەرۆك بەبڕیارێکی هۆدار لەلایەن پەرلەمانەوە بەزۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامان لادەبرێت ئەگەر سەلمێندرا کە لێهاتوویی نییە .

**ماددەی نۆیەم :**

لەسەر وەزارت و ئەو لایەنانەیە کە بەوەزارەتەوە نەلکاون و گشت دەستە سەربەخۆکانیش بەڵگەنامە و بەیانات و ئامار و زانیاری پەیوەست بەو کارو ئەرکە پیشەییەی دەستە لەماوەیەکی دیاری کراو دا پێشکەش بکەن و لەسەر دەستەشە لە حاڵەتی پابەند نەبوونی لایەنە ناوبراوەکاندا پەرلەمان ئاگادار بکاتەوە .

**ماددەی دەیەم :**

حساب و حسابکاری دەستەکە دەکەوێتە ژێر وردبینی و رقابەی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمەوە .

**ماددەی یازدەم :**

سەرۆکی دەستە بۆی هەیە رێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە .

**ماددەی دوانزدەم:**

**یەکەم:** هەموو ماف و کەرستە و کەل وپەل و پەیوەستیەکان بە وەزارەتی مافی مرۆڤی هەڵوەشاوە دەگەرێتەوە بۆ ئەم دەستەیە .

**دووەم :** پرکردنەوەی میلاکاتی دەستەکە لە کارمەندانی وەزارەتی مافی مرۆڤی هەڵوەشاوە دەبێت .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkudistan.com

**سێیەم:** كار بەهیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێ كە دژ بێت بەحوكمەكانی ئەم یاسایە .

**ماددەی سیانزدەهەم :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن .

**ماددەی چواردەهەم :**

ئەم یاسایە لە بەرواری بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی كوردستان) جێبەجێ دەكرێ .

**مسعود بارزانی**

**سەرۆكی هەرێمی كوردستان - عێراق**

هەولێر

٨/ تەممووزی /٢٠١٠ی زایینی

١٧/ پوشپەڕ / ٢٧١٠ی كوردی

٢٦/ رجب / ١٤٣١ی كۆچی

**(( هۆیە پێویستیەكانی دەرچوواندنی ))**

بۆ زامن كردنی پاراستن و پتەوكردنی رێزی مافی مرۆڤ و ماف و ئەو ئازادییانەی كەلە دەستوور و یاسا بەركار و جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و هەردوو پەیمانی نێودەوڵەتی و پرۆتۆكۆلە پەیوەستەكان پێیانەوە هاتووە ، هەروەها پەیماننامە و رێكەوتننامەی دیكەی پەیوەست بە مافی مرۆڤ كە لەلایەن حكومەتی فیدراڵەوە پەسندكراوە و لەبەر ئەوەی پرنسیپە بنەرەتییەكان گرنگیەكی زۆریان هەیە و پێوەرێكیشە ئەشێ هەڵوێستی كۆمەڵگا و حكومەتەكانی پێ بپێورێ و بەها و رۆشنبیری مافی مرۆڤ بچەسپێ و گەشە و پەرەی پێ بدرێ ، لەبەر ئەوەی گەلی كوردستان – عێراق رێگای پێشكەوتنی بەجۆرێك هەڵبژاردووە كە مافی هاووڵاتیانی كوردستان زامن بكرێ و بۆ دووپات كردنەوەی ئەم رێبازەش ئەم یاسایە دەرچوێندرا .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkudistan.com

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠١٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لەبڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوە و ، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٥) لە ٢٠١٠/٦/٢٠ بڕیارماندا بەدەرکردنی :

**بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٠ی**
**پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

پشت بەحوکمەکانی بڕگەی (١) لەماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و بەپێی ئەوەش کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە(١٥)ی ڕۆژی ٢٠١٠/٦/٢٠ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق بڕیارماندا بە :-

**یەکەم** : ڕەتکردنەوەی پێشنیاری یاسای ( **دەستەی پێوەر و کۆنترۆلی جۆری لە هەرێمی کوردستان** ).

**دووەم** :ئەم بڕیارە لە ڕۆژی وەرگرتنیەوە (تبنیە) لە ٢٠١٠/٦/٢٠ کاری پێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە .

**مسـعـود بـارزانـی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق**

هەولێر
٨/ تەمموزی /٢٠١٠ی زایینی
١٧/ پوشپەڕ / ٢٧١٠ی کوردی
٢٦/ رجب / ١٤٣١ی کۆچی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkudistan.com

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**
**بڕیار**
**ژمارە ( ١١ ) ساڵی ٢٠١٠**

بەپێی ئەو دەسەلأتەی لەبڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوە و ، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٥) لە ٢٠١٠/٦/٢٠ بڕیارماندا بەدەرکردنی :

**بڕیاری ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٠ی**
**پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

پشت بەحوکمەکانی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و بەپێی ئەوەش کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە(١٥)ی ڕۆژی ٢٠١٠/٦/٢٠ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق بڕیارماندا بە :–

**یەکەم** : ڕەتکردنەوەی پێشنیاری یاسای **( داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان - عێراق )**.

**دووەم** :ئەم بڕیارە لە ڕۆژی وەرگرتنیەوە (تبنیە) لە ٢٠١٠/٦/٢٠ کاری پێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) دا بلأودەکرێتەوە .

**مسـعـود بـارزانــی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق**

هەولێر
٨/ تەمموزی /٢٠١٠ی زایینی
١٧/ پوشپەڕ / ٢٧١٠ی کوردی
٢٦/ رجب / ١٤٣١ی کۆچی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkudistan.com

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبـان

**هەرێمی كوردستانی عێراق**

**سەرۆكایەتی هەرێم**

**سەرۆك**

## بەناوی گەلەوە

## بڕیار

## ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠١٠

بەپێی ئەو دەسەلاّتەی لەبڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركراو پێمان دراوە و ، بە پاڵپشتی ئەو یاساكارییەی پەرلەمانی كوردستان – عێراق كردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٩)لە ٢٠١٠/٦/٢٧ بڕیارماندا بەدەركردنی :

**بڕیاری ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠ی**

**پەرلەمانی كوردستان - عێراق**

پشت بەحوكمەكانی برگەی (١) لە ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو و بەپێی ئەوەش كە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە(١٩)ی ڕۆژی ٢٠١٠/٦/٢٧ی پەرلەمانی كوردستان – عێراق بڕیارماندا بە :-

**یەكەم** : ڕەتكردنەوەی پێشنیاری یاسای ( **خوێندنی كراوە لە هەرێمی كوردستان - عێراق** ).

**دووەم** :ئەم بڕیارە لە ڕۆژی وەرگرتنیەوە (تبنیە) لە ٢٠١٠/٦/٢٧ كاری پێ دەكرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی كوردستان) دا بلاّودەكرێتەوە .

**مسـعـود بــارزانــی**

**سەرۆكی هەرێمی كوردستان - عێراق**

__هەولێر__

٨/ تەمموزی /٢٠١٠ی زایینی

١٧/ پوشپەڕ / ٢٧١٠ی كوردی

٢٦/ رجب / ١٤٣١ی كۆچی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkudistan.com

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ١٣ ) ساڵی ٢٠١٠**

بەپێی ئەو دەسەلاَتەی لەبڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوە وەبە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٩)لە ٢٠١٠/٦/٢٧ بڕیارماندا بەدەرکردنی :

**بڕیاری ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ٢٠١٠ی**

**پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

پشت بەحوکمەکانی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و بەپێی ئەوەش کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٩)ی ڕۆژی ٢٠١٠/٦/٢٧ی پەرلەمانی کوردستان– عێراق بڕیارماندا بە :–

**یەکەم** : پەسند کردنی حسابی کۆتایی حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق بۆ ساڵی (٢٠٠٩)

**دووەم** :ئیقرار کردنی پێشنیارەکانی لێژنەی کاروباری دارایی و ئابووری پەرلەمانی کوردستان – عێراق .

**سێیەم** :پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان چی پێویستە لەسەر ناوەرۆکی بڕگەی دووەمی سەرەوە ئەنجامی بدەن .

**چوارەم**:ئەم بڕیارە لە ڕۆژی وەرگرتنیەوە (تبنیە) لە ٢٠١٠/٦/٢٨ جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) دا بلاَودەکرێتەوەی .

**مسعـود بـارزانـی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان _ عێراق**

هەولێر
٨/ تەمموزی /٢٠١٠ی زایینی
١٧/ پوشپەڕ / ٢٧١٠ی کوردی
٢٦/ رجب / ١٤٣١ی کۆچی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkudistan.com

# پێشنیارەکانی لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمانی کوردستان لەسەر ناوەرۆکی ڕاپۆرتی حساباتی کۆتایی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠٠٩

١- داوا دەکەین کە دەزگای چاودێری دارایی یەك بگرێتەوە و بەشێوەیەکی ئەکتیڤ چاودێری ماڵی گشتی و چۆنیەتی خەرج کردنی بودجە و دەسکەوتنی داهات بکات .

٢- کاراکردنی دەوری چاودێری و وردبینی ناوخۆیی ناو وەزارەتەکان و دام و دەزگاکانی حکومەت لە ڕێگای دانانی کارمەندی شارەزا و لێهاتوو لەم بوارە وە دەبێت فەرمانبەرانی ئەم بەشە تایبەتمەندی خۆیان هەبێت .

٣- پێگەیاندن و ئامادەکردنی کادری بەتوانا لەبواری ژمێریاری و وردبینی لەناو وەزارەت و دام ودەزگاکانی حکومەت لەڕیگەی خول و وۆرك شۆپەوە ڕاهێنانیان لەسەر سیستەمی نوێی کارکردن

